کەسێک بەرامبەر گۆڕ پەرستان وا دەرخات کە ئەوان لەسەر هەق و ڕێگای ڕاستن چۆن بێت؟ لە کاتێکدا ئەوان بەوە نەبێت ڕازی نابن؟..تەواوئێمەش دەڵێین: ئەی ئەگەر کەسێک بەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وا دەربخات کە ئەوان لەسەر هەقن لەو هێرشانەیاندا بۆسەر موسڵمانان..حاڵی ئەمە چۆنە؟ بەڵگەی دووەم :

خوای گەورە دەفەرمویێت: (لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَىٰةً...)(آل‌عمران :٢٨) واتە: نابێت ئیمانداران، کافران بکەنە پشت و پەناو یاوەری خۆیان لەجیاتی ئیمانداران، ئەوەی کاری وا بکات، ئەوکارەی دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ئیمانیی بەخواوە نەمێنێت، مەگەر لەبەر ئەوەی خۆتان بە بێگومان لە شەڕیان بپارێزن و قوتاربن (ئەویش بەوەی بەدەم ڕازییان بکەن، نەک بەدڵ و کردەوە)، خوای پەروەردگار نەهی کردووە لەوەی کافران بکرێنە دۆست و هاوڕێ لە جیاتی ئیمانداران، ئەگەرچی لێشیان بترسن, وە هەواڵی داوە کە هەرکەسێک وا بکات ئەوا هیچ پەیوەندیەکی نییە بە خواوە, واتە: نابێتە دۆستانی خوا ئەوانەی بەڵێنیان پێدراوە کە ڕزگاربوون لە قیامەتدا, مەگەر خۆتانیان لێ بپارێزن ئەویش ئەوەیە مرۆڤ دەستەڵاتی نەبێت لەگەڵیان و نەتوانێت دوژمنایەتییان بکات, ئەو کات بە ڕوکەش وا دەرخات کە لەگەڵیان پێکەوەژیان دەکات و دڵیشی پڕ بێت لە ڕق و دوژمنایەتی بەرامبەریان. ئەی ئەگەر کەسێک بیانکاتە دۆست لە جیاتی ئیمانداران بە بێ بوونی هیچ عوزرێک, لەبەر خۆشویستنی ژیانی دونیا بەسەر قیامەت و ترس لە موشریکەکان و نەترسان لە خوا؟؟ خوای گەورە هەرگیز ترس لەوانی بە عوزر دانەناوە, بەڵکو دەفەرمویێت: (إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَولِيَآءَهُ فَلَا تَخَافُوهُم وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤمِنِينَ) واتە: ئەوە بەڕاستی تەنها شەیتانە یاوەرەکانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بەڵکو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن (بێگومان ترسان لە خوا ئاسوودەیی و ئارامیی دەبەخشێت بە ئیماندار). چ جای کەسێک ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بکاتە دۆست لە جیاتی ئیمانداران بە بێ بوونی هیچ عوزرێک, تەنها لەبەر خۆشویستنی دونیاو بانگەشە کردنی ترس لەوان و بانگەشەی بەرژەوەندی هاوبەش یان وەک ئەڵێن شەرعییەتی نێودەوڵەتی..! واتە: بەڕاستی ئەوانەی پاشگەز بوونەوەو بەرەودوا گەڕانەوە، دوای ئەوەی ڕێگەی هیدایەت و ئیمانیان بۆ دەرکەوتبوو، ئەوانە شەیتان بەفێڵ و تەڵەکە تەماداری کرد بوون، بەهیوای تەمەن درێژی و خۆشگوزەرانیش فریوی دەبوون . ئەو زاڵ بوونی شەیتانە بەهۆی ئەوەوە بوو کەبەڕاستی دووڕووەکان دەیانوت بەوانەی کەداخ لەدڵ بوون بەرامبەر ئەوەی خوا دایبەزاندووە کەقورئانە: ئێمە لەمەودوا لەهەندێک هەڵوێستدا بەقسەتان دەکەین، خوایش خۆی چاک ئاگادارە لەو نهێنی و پیلانانەی کە دەیشارنەوە. ئەو سووکایەتی سەرەمەرگە بۆیە بەسەریاندا دێت، چونکە ئەوانە شوێنی ئەو شتانە کەوتبوون کە قین و خەشمی خوا دەبزوێنێت، ئەوانە بێزار بوون لە ڕەزامەندی خوا، خوایش کاروکردەوەیانی پووچ و بێ ئاکام کرد .

خوای گەورە باسی ئەو مورتەددانە دەکات کە دوای ئەوەی ڕینماییان بۆ ڕونکرایەوە بە زانستەوە لە دین هەڵگەڕانەوەو عیلمەکەشیان بە هەق سوودی پێ نەگەیاندن لەگەڵ ریددەکەیان و شەیتان مەغروری کردن بە ڕازاندنەوەی ئەو هەڵگڕانەوەیان, ئەمەش حاڵی هەموو ئەو کەسانەیە کەلەم فیتنەیەدا لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە بەوەی شەیتان مەغروری کردون و وای تێ گەیاندون کە ترس بۆیان دەبێتە عوزر لەوەی لە دین هەڵگەڕێنەوەو گوایە ئەوان شارەزان بە هەق و شایەتی هەق دەدەن!! ئەمەش وایان لێ دەکات هەرچی بکەن زیانی نابێت بۆیان.! بیریان چۆتەوە کە زۆربەی موشریکەکان هەق دەزانن و خۆشیان دەوێت و دەیشیڵێن, بەڵام وازیان هێناوە لە شوێنکەوتنی و کردەوە پێ کردنی لەبەر خۆشەویستیان بۆ دونیاو ترسیان لە نەفس و سامان و خواردن و پلەوپایەیان. پاشان خوای گەورە دەفەرمویێت: (ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لِلَّذِينَ كَرِهُوا مَا نَزَّلَ اللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْأَمْرِ) خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی هۆکاری ئەو هەڵگەڕانەوەیان و دەستەڵات بوونی شەیتان بەسەریاندا بریتیە لەوەی: بەو کەسانەیان ووتوە کە ڕقیانە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندۆتە خوارەوە: ئێمە لە هەندێک شتدا بەگوێتان دەکەین. جا ئەگەر کەسێک بەڵێن بدات بەو موشریکانەی ڕقیان لەو قورئانەیە کە خوای گەورە دایبەزاندووە بەوەی لە هەندێک شتدا بەگوێیان بکات کافر بێت, ئەگەرچی ئەو وەعد و بەڵێنەشی نەباتە سەر بۆیان, ئاخۆ کەسێک حاڵی چۆن بێت کە موافەقەی ئەو موشریکانە دەکات کە ڕقیانە لەوەی خوا ناردویەتیە خوارەوە لەوەدا کە خوای گەورە فەرمانی کردووە بەتەنهاو بێ شەریک بپەرسترێت؟.. وە لە بەرامبەریشدا پەرستشی غەیری خوا بکات لە هاوبەش و طاغوتان و مردوان, وە ئەوە دەربخات کە ئەو موشریکانە لەسەر ڕێنماییـن و ئەهلی تەوحید هەڵەن کە کوشتارتان دەکەن.؟ وە ڕاست ئەوەیە کە ئاشتییان لەگەڵ بکەن و بچنە ناو دینە بەتاڵەکەی ئەوانەوە؟!!بە دڵنیاییەوە ئەمانە لە پێشترن بەوەی مورتەد ببنەوە وەک ئەوانەی تر کە وەعدیان دابوو بە موشریکەکان کە لە هەندێک شتدا گوێڕایەڵییان بکەن. پاشان خوای گەورە باس لە حاڵی قێزەونییان دەکات لە کاتی مردنییانداو دەفەرمویێت ئەو حاڵەشیان لەبەر ئەوەیە کە: (ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ). واتە: چونکە ئەوانە شوێنی ئەو شتانە کەوتبوون کەقین و خەشمی خوا دەبزوێنێت، ئەوانە بێزار بوون لەڕەزامەندی خوا، خوایش کاروکردەوەیانی پووچ و بێ ئاکام کرد. وە هیچ موسڵمانێک گومانی نەبێت کە شوێنکەوتنی موشریکەکان و چونە ناویان و شایەتی دان بەوەی ئەوان لەسەر حەقن و پشتیوانی کردنیان لە پیناو نەهێشتنی تەوحیدو شوێنکەوتوانی تەوحیدو سەرخستنی شوێنە شیرکی و فەسادی و نێربازیەکان, هەموو ئەمانە لەو شوێنکەوتنانەیە کە خوای گەورە ڕقی لێیەتی و ڕق بوونە لە ڕەزامەندی خوا, ئەگەرچی ئیدیعای ئەوەش بکەن کە ئەنجامدانی ئەمانەیان لەبەر ترسە .

ڕونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسانەی دۆستایەتی کافران دەکەن و پشتیوانیان دەکەن لە شەڕەکانیاندا

خاوەن ئیمزاکان

علي بن خضير الخضير – ناصر بن حمد الفهد

أحمد بن حمود الخالدي

(فك الله أسرهم)



سـوپاس بـۆ ئـەو خوایـەی قورئـانی دابەزاندۆتـە خـوارەوە بـۆ سـەر بەندەکـەی خـۆی, قورئانێـک کـە ڕاسـتەو و لاری تیـا نییـە, وە کردویەتیـە پارێـزەر بـۆ هەرکەسێک دەسـتی پێـوە بگرێـت و لـە بەڵگـە هێنانەوەیـدا پشـتی پـێ ببەسـتێت, وە تیـادا بـە واجبـی دانـاوە کـە لـە ئەهـلی شـیرک خـۆ دابڕیـت بـە ڕوونکردنـەوەی شـەریعەت و مەنهـەج. وە صـەلات و سـەلام لەسـەر ئـەو پێغەمبـەرەی کـە خـوای گـەورە بـەو ڕۆشـناییەی پـێ بەخشـیبوو تاریکایـی شـیرکی لەتوپـەت کـرد, وە لەسـەر خانـەوادەو هـاوەڵانی بێـت, ئەوانـەی جیهادیـان کـرد دژ بـە کافـران و خۆیـان لـێ جیـا کردنـەوەو دورەپەرێزیـان کـرد لێیـان بەبـێ تێکـەڵ بوون

پاشان :

ئامـۆژگاری کـردنی موسـڵمانان واجبـە لەسـەر تـاک تاکیـان, هـەروەک لـە فەرموودەکـەی جەریـری کـوڕی عبداللـە(رضي اللـه عنـە) هاتـووە کـە فەرمویـەتی: بايعـت رسـول اللـە صلى اللـە عليـە وسـلم عـلى إقـام الصلاة وإيتـاء الـزكاة والنصح لـكل مسـلم). متفـق عليـە، ورواە البخـاري في بـاب قـول النبـي صلى اللـە عليـە وسـلم الديـن النصيحـة للـە ولرسـولە ولأئمة المسـلمين وعامتهـم. واتـە: بەیعەتـم دا بـە پێغەمبـەری خوا(صـلى اللـە علیـە وسـلم) لەسـەر بەرپـا کـردنی نوێـژ و زەکات دان و ئامـۆژگاری کـردنی هەمـوو موسـڵمانێک. وە خـوای گـەورە فەرمویـەتی: (إِذَا نَصَحُـواْ لِلَّـهِ وَرَسُـولِهِۦ)التوبة/٩١. واتـە: کاتێـک دڵسـۆز بـن بـۆ خـواو پێغەمبەرەکـەی .تـەواو. گەورەتریـن بـەڵاو موصیبـەت ئەوەیـە مـرۆڤ لـە عەقیدەیـدا تـوش ببێـت و قسـە بـە پێغەمبەرەکـەی بوترێـت و سـوکایەتی بـە دینەکـەی بکرێـت و کوشـتاری ئەهـلی میللەتەکـەی بکرێـت و ڕێـزو کەرامەتیـان پێشـێل بکرێـت لەسـەر دەسـتی گاورێکـی نەفـام کـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات خـوای گـەورە هاوسـەرو منداڵـی هەیـە, یـان دەڵـێ سـێیەمی سیانەکەیە -پەنـا بـە خـوای تانهـای بـێ نیـاز-, کەچـی ئـەم وێـڕای ئەمـە لـە دوایـەوە بـڕوات و لەژێـر بەیداخـدا بێـت و خـۆی بـە کوشـت بـدات و خـۆی بکاتـە فیـدای ئـەوو ببێتـە پارێـزەری بەرژەوەندیـە دونیاییـەکانی, بەمـەش دینـی بفرۆشـێت بـۆ دونیـای خەڵکـی, دواتـر پـاش هەمـوو ئـەم کارانـەی ئیدیعـای ئـەوە بـکات کـە موسـڵمانەو خـواو پێغەمبـەرو موسـلمانانی خـۆش دەوێـت... بـەڵام حاڵـی ئـەم کەسـانە وەک ئـەو نمونەیـە وان کـە ئیـبن القیـم (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەفەرموێـت: (أتُحب أعـداءَ الحبيـبِ وتدعـي حبـاً لـه مـا ذاك في إمكـان)ئایا دوژمنـانی خۆشەویسـتت خـۆش دەوێـت و ئیدیعـای خۆشویسـتنیشی دەکەیـت, هەرگیـز ئەمـە ناگونجێـت. یـان وەک ووتـراوە: (تُحـبُّ عـدوي ثـم تزعـم أننـي صديقـك إنَّ الـوِّدَّ عنـك لعـازبُ) دوژمنەکەمـت خـۆش دەوێـت و پێشـت وایـە مـن هاوڕێتـم, بەڕاسـتی خۆشەویسـتی لـە تـۆ دوورە..ئـەم پەیامـە ئاراسـتەی هەمـوو ئـەو کەسـانە دەکەیـن لـە مـەدەنی و عەسـکەری لەوانـەی بـە نیـازن بەشـداری بکـەن لـە لیـوای گاورە ئەمریکـی و ئینگلیزیـە بەریتانیـەکان و هاووێنـەی ئـەوان لـە هێرشـە خاچپەرسـتیەکەیان دژ بـە بـرا موسـڵمانە چەوسـاوەکانمان لـە عێـراق :

بـا هەمـوو موسـڵمانێک ئـەوە بزانێـت کـە چونـە ژێـر ئـاڵای گاور و بـێ بڕوایـان و کوشـتار کـردن لەگەڵیـان و پشـتیوانی کردنیـان بـە هـەر جۆرێـک لـە جـۆرەکانی پشـتیوانی: وەک کوشـتار کـردن لەگەڵیـان, یـان ببێـت بـە هێزێکـی یارمـەتی بۆیـان, یـان هێـڵ و ڕێـگاکانی یارمـەتی و کۆمەکییـان بـۆ بپارێزێـت, یـان پارێـزگاری لـە ڕێـگاکانی یارمـەتی و هێنـانی خواردن و خواردنـەوەی ئـەوان بـکات, یـان هەسـتێت بـە گواسـتنەوەیان لـە جێگایەکـەوە بـۆ جێگایەکـی تـر, یـان ئاسـانکاری ئـەم کارەیـان بـۆ بـکات, یـان پاسـەوانێتیان بـکات, یـان هەسـتێت بـە دیـاری کـردن یـان کێشـانی ڕووداوەکانیـان یـان نـاردنی ئامـاژەو ڕێکخسـتنی پەیوەندیەکانیـان و یـان هـەر شـتێکی تـر کـە ببێتـە هـۆی یارمـەتی دانی بەیۆەبـردنی کرداری کوشـتارو شـەڕ, یـان بۆچونێکیـان بخاتـە بـەر دەسـت یـان هەرشـتێکی تـری یارمـەتی و کۆمەکیـان بـۆ دەربڕێـت, ئـەوە کوفـری کـردووە بـە خـوای گـەورە و یەکێـک لـە هەڵوەشـێنەرەوەکانی ئیسـلامی ئەنجامـداوە کـە بـە ئیجماعـی ئوممـەت هەڵوەشێنەرەوەیە .

شـێخ عبدالعزیـز بن باز(ڕەحمـەتی خوای لێ بێت) لە فەتواکاندا(فتـاواە) (٢٧٤/١) فەرمویەتی: سـەرجەم زانایـانی ئیسـلام یەدەنگـن لەسـەر ئـەوەی هەرکەسێک پشـتگیری کافـران بـکات دژ بـە موسـڵمانان و بـە هـەر جۆرێـک لـە جـۆرەکانی یارمەتیـدان یارمەتییـان بـدات ئـەوە وەک ئـەوان کافـر دەبێـت هـەروەک خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (يَٰٓأَيُّهَـا ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـواْ لَا تَتَّخِـذُواْ ٱلۡيَهُـودَ وَٱلنَّـصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَـآءَۘ بَعۡضُهُـمۡ أَوۡلِيَـآءُ بَعۡضٖۚ وَمَـن يَتَوَلَّهُـم مِّنكُـمۡ فَإِنَّـهُۥ مِنۡهُـمۡۗ إِنَّ ٱللَّـهَ لَا يَهۡـدِي ٱلۡقَـوۡمَ ٱلظَّٰلِمِـينَ) (المائـدة :٥١)واتـە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە جولەکـەو گاور مەکەنـە یـارو یـاوەرو پشـتیوانی خۆتـان ئەوانـە هەندێکیـان پشـتیوان و پشـتگیری یەکـترن، ئـەو کەسـەی پشـت بـەوان ببەسـتێت، ئـەوە هـەر لەوانـە و (حسـابی ئەوانـی بـۆ دەکرێـت) بـە ڕاسـتی خـوا هیدایەتـی قەومـی سـتەمکار نـادات. وە زانایـان لـەم بارەیـەوە چەنـدان نوسراویـان نوسـیوەو سـەبارەت بـەو بابەتـە دانراویـان دانـاوە: لەوانـە شـێخ سلێمان بـن عبداللـە بـن محمـد بـن عبدالوهاب(ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) کـە کتێبـی (أوثـق عـرى الإيمـان) و (حكـم مـوالاة أهـل الإشراك) دانـاوە. هەروەهـا العلامـە حمـد بـن عتيق(ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) کتێبـی (سـبيل النجـاة والفـكاك مـن مـوالاة المرتديـن وأهـل الإشراك)ی نوسـیوە ئەویـش لـە کاتێکـدا کـە زۆرێـک لـە هـۆزەکان هەسـتان بـە یارمەتـدانی موشریکـەکان و گاورەکان لـە شـەڕو کوشـتاریاندا دژ بـە موسـلمانان و هەسـتان بەپشـتگیری و پشـتیوانییان لـەوەدا, ئەوانیـش حوکمـی کافـر بـوون و مورتـەد بـونی دا بەسـەریاندا, ئێمـەش لێـرەدا هەندێـک لـە ووتەکانیـان نقـڵ دەکەیـن: یەکـەم: سـلیمان بـن عبـد اللـە آل الشـيخ(ڕەحمەتی خـوای لـێ بێـت) لـە پێشـەکی پەیامەکەیـدا بـە نـاوی (حكـم مـوالاة أهـل الإشراك) فەرمویەتی:چـاک بزانـە خـوای گـەورە ڕەحمـت پـێ بـکات, هـەر کاتێـک مـرۆڤ ئـەوەی دەرخسـت بـۆ موشریکـەکان کـەوا ڕازیـە بـە دینەکەیـان لـە ترسـا, یـان ویسـتی بەمـە موداراتیـان بـکات, یـان موداهەنـەی دەکـردن تـا خراپەیـان لـە خـۆی دوور بخاتـەوە, ئـەوە وەک ئـەوان کافـر دەبێـت, ئەگـەر چـی لـە دڵیشـەوە ڕقـی لـە بەرنامـەو دینەکەیـان

بێـت و بیـان بوغزێنێـت و ئیسـلام و موسـڵمانانیشی خـۆش بوێـت, ئەمـە ئەگـەر تەنهـا ئـەوەی لـێ وەشـایەوە, چ جـای ئـەوە ئەگـەر لـە وڵاتێکـی پارێـزراودا بێـت و بانگـی ئـەوان بـکات و بچێتـە ژێـر گوێڕایەڵییانـەوەو وا دەربخـات کـە موافقیانـە لـە دینـە باتڵەکەیانـداو پشـتیوانیان بـکات بـە سەرخسـتن و سـامان و پشـتگیریان بـکات و دۆسـتایەتی خـۆی لەگـەڵ موسـلمانان بپچڕێـت و ببێتـە سـەرباز بـۆ پاراسـتنی جێـگاو دروشـمە شـیرکیەکان و خاوەنەکانیـان دوای ئـەوەی پیشـتر سـەربازی دڵسـۆزی و یەکخواپەرسـتی و خەڵکەکـەی بـووە, ئەمـە هیـچ موسـڵمانێک گومـانی نیـە لـەوەدا کـە ئـەم جـۆرە کەسـە کافـرەو لـە سەرسـەختترین دوژمنانێکـە بەرامبـەر بـە خـواو پێغەمبەرەکەی(صـلى اللـە علیـە وسـلم), وە هیـچ کەسـێک لەمـە ڕیزپـەڕ نییـە و جیانەکراوەتـەوە لـەم حوکمـە جگـە لـە (زۆرلێکـراو) ئەویـش بریتیـە لـەو کەسـەی: موشریکـەکان گرتویانـەو زۆری لـێ دەکـەن و دەڵێـن کوفـر بکـە یـان ئـەو کارە بکـە ئەگینـا وات لـێ دەکەیـن و دەتکوژیـن, یـان دەسـتگیری دەکـەن و ئەشـکەنجەی دەدەن هەتـا موافەقەیـان دەکات, لـەو کاتـەدا دروسـتە بـۆی بـە زمـان موافەقەیـان بـکات لەگـەڵ دڵنیـا بـوون بـەوەی دڵـی پـڕ لـە ئیمانـە,وە زانایـان کۆدەنگـن لەسـەر ئـەوەی هـەر کەسـێک بـە گاڵتـەو سـوبعەتەوە کوفـر بـکات کافردەبێـت چ جـای کەسـێک لـە ترسـا و لەبـەر تەماعـی دونیایـی کوفـر دەربخـات, منیـش بـە پشـتیوانی خـوای گـەورە چەنـد بەڵگەیـەک لەسـەر ئەمـەو بـۆ پشـتگیری کـردنی ئەمـە بـاس دەکـە بەڵگـەی یەکەم:خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (وَلَـن تَرۡضَىٰ عَنـكَ ٱلۡيَهُـودُ وَلَا ٱلنَّـصَٰرَىٰ حَتَّـىٰ تَتَّبِـعَ مِلَّتَهُـمۡۗ) البقرة/١٢٠. واتـە: هەرگیـز جولەکـە و گاورەکان لـە تـۆ (ئـەی محمـد (صلـى اللـە علیـە وسـلم)، ئـەی ئیماندار) ڕازی نابن، هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەیان نەکەویت.

جـا خـوای گـەورە هەواڵـی داوە کـە جولەکـەو گاور هەروەهـا موشریکەکانیـش لـە پێغەمبـەری خوا(صـلى اللـە علیـە وسـلم) ڕازی نابـن هەتـا شـوێن میللەتەکەیـان دەکەوێـت, وە هەتـا ئـەو کاتـەی شـایەتی دەدات کـە ئـەوان لەسـەر هەقـن, پاشـان خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (...قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّـهِ هُـوَ ٱلۡهُـدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُـم بَعۡدَ ٱلَّـذِي جَـآءَكَ مِـنَ ٱلۡعِلۡمِ مَـا لَـكَ مِـنَ ٱللَّـهِ مِـن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ) واتـە: پێیـان بڵـێ: بەڕاسـتی هـەر بەرنامـەی خـوا (ئاینـی ئیسـلام، شایسـتەی ئەوەیـە کـە هەموولایەکـمان شـوێنی بکـەوین) هیدایەتـی ڕاسـت و دروسـت هـەر لای ئـەوە، خـۆ ئەگـەر شـوێن ئارەزووەکانـی ئـەوان بکەویـت پـاش ئـەوەی زانیـاری و زانسـتیت پێگەیشـتووە، ئـەوە بزانـە کـە لـە لایـەن خـواوە هیـچ سەرپەرشـتیاری و یارمەتییەکـت دەسـت ناکەوێـت. وە لـە ئایەتەکـەی تـردا دەفەرموێـت: (...إِنَّـكَ إِذٗا لَّمِـنَ ٱلظَّٰلِمِـينَ) (البقـرة :١٤٥)واتـە: بێگومـان تـۆ دەچیتـە ڕیـزی سـتەمکارانەوە.. جـا ئەگـەر پێغەمبـەری خوا(صلـى اللـە علیـە وسـلم) موافەقەیـان بـکات بـە ڕوکـەشی بـە بـێ ئـەوەی بیروبـاوەڕی دڵـی لەگـەڵ بێـت بـەڵام تەنهـا لـە تـرسی خراپەیـان و موداهەنـە بۆیـان بـەم کارە ببێتـە یەکێـک لـە سـتەمکاران, ئـەی بـۆ